


# دوو شیعری "بیژەنی نەجدی"

و: سەروەر عومەر

## خۆر

دوێنێ کە دەهاتم لە نیوەی دووەمی سەدەی
داهاتووەوە
بینیم نوور بە هێواشی دەڕژێ
دەنگ بە هێواشی تێدەپەڕێ
زۆر هێواشتر
لە گریانی تەنیاکان
تەنانەت بینینم کە ریش و سمێڵی زەوی،
مووەکانی کۆمەڵەی خۆر سپی بوون
خۆر بە چاوانێکی پڕ لە ئاوی سپییەوە
لە گوڵەبەرۆژەیەک دەڕوانێت
کە پلاستیکییە.

**هەروا تۆم خۆشدەوێ**

زۆر پێشتر لەمڕۆ
خۆشمویستی لە ڕابردووە دوورەکاندا
ئەوەندە دوور
کە هەرکات بە یادی دێنمەوە
سوراحیی بلوور لە تەنیشت خوانی منەوە
دەبێتە مەسینە
شەپقەی من، مێزەر
چاکەت و پانتۆڵەکەم، عەبایەکی سپی
بۆینباخەکەم، زوننار*
ژوور، هەر ئەم ژوورەی ژێر بانی تەنەکەی ئێمە
ئەشکەوت
ئەشکەوتێکی پڕ لە تاریکی و دەنگی ماچەکانی ئێمە
چەندان سەدە دواتریش تۆم هەروا خۆشدەوێ
ئەوەندە کە لە خەیاڵبازی ئەو هەموو
عەشقەی تۆ
لە کەشتیی نزیکی من
من لە کەشتییەکی دیکەدا، زۆر نزیکتر
لە خۆم بە تۆ
دەست بە گۆناکانی یەکدیدا دەهێنین
لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن.

***سەرچاوە: دیوانی «خوشکانی ئەم هاوینە»**

شیعرەکانی بیژەنی نەجدی

بڵاوکەرەوەی -ماه ریز-

*** پشتوێنێکە مەسیحییەکانی ئەهلی زیممە بۆ جیاکردنەوەیان لە مسوڵمانەکان دەیانبەست.**